١٣- کەسێك پێش نوێژی جەنازەم بکات قورئانی زۆر لە بەربێت و شارەزاتربێت بە سوننەت و بە نییەتێکی پاکەوە دۆعام بۆ بکەن، ئیمام لای سەرم بوەستێت و ئەگەر ئافرەتیش بوو ئەوە لە ناوەڕاستی بوەستێت. هەروەها لەو سێ کاتەی کە قەدەغەکراوە نوێژم لە سەر نەکرێت و نەنێژرێم، مەگەر لەبەر ناچاری بێت:

ناشتن لەو کاتانەدا کە لە فەرموودەکەی (عوقبة) ی کوڕی (عامر) دا باس کراون کە دەفەرموێت: ((ثلاث ساعات كان رسول الله (ﷺ) ينهانا أن نصلي فيهن، أو أن نقبر فيهن موتانا: حين تطلع الشمس بازغة حتى ترتفع، وحين يقوم قائم الظهرة حتى تميل الشمس، وحين تضيف الشمس للغروب حتى تغرب)) أخرجه مسلم

١٤- قەبرەکەم قوولْ و فراوان بێت، وە ئەگەر بگونجێت (لحد) بێت.

١٥- ئاساییە گەر لە گەڵ یەکێکی تردا بنێژرێم گەر پێویست کرا و هەر کەسێکمان باشتر و شارەزا تر بوو لە دیندا پێش بخرێت.

١٦- وە کەس و کار و خزمانم ئەولاترن لە خەڵکی کە دامگرن بۆ ناو قەبرەکە.

١٧- بێ دەنگ بن و دەنگیان بەرز نەکەنەوە تەنانەت بە زیکریش لە کاتی بردنی تەرمەکەمدا چونکە بیدعەیە.

١٨- ئەو کاتەی دام ئەگرن بۆ ناو قەبرەکە بڵێن (بسم الله وعلى سنة رسول الله) .



١٩- لە سەر قەبرەکەم نەنوسرێت و بستێك زیاتر لە سەر زەویەوە بەرز نەکرێتەوە.

٢٠- هەروەها ئەو تەلقینە بیدعەیە نەخوێندرێت لە سەر قەبرەکەم کە ئێستە باوە لە ناو خەڵکیدا.

٢١- دوای ناشتنم چەند کەسێك لە خزمانم لە سەر قەبرەکەم بوەستن بە قەدەر ئەوەی کە حوشترێك سەر ببریت و گۆشتەکەی دابەش بکرێت(نزیکەی سەعاتێك) وە داوای جێگیر بوونم بۆ بکەن لە کاتی پرسیارکردنی ملائکەکاندا بۆ وەڵامدانەوەیان.

٢٢- کەس و کارم بۆیان هەیە تەعزێ باریان لێ بکرێت پاش ناشتنم بە مەرجێك لە شوێنێکی دیاری کراو کۆنەبنەوە بۆ تەعزێ واتە شوێنێك تەرخان نەکرێت وەك مزگەوت یان هۆڵ یان خێوەت.

٢٣- کۆنەبنەوە بۆ قورئان خوێندن وەك لە تەعزێدا ئەکرێت یان (ڕۆژانی پێنج شەممە – چلە – ساڵانە) ئەنجام ئەدرێت ئەوانە هەمووی بیدعە و داهێنراو و حەرامن.

٢٤- خواردن دروست نەکردن بۆ خەڵکی بەڵکو لە سەر دراوسێیە خواردن دروست بکات.

٢٥- هەروەها ماڵ و خزمانم دۆعام بۆ بکەن و ئەگەر ڕۆژووی نەزرم لە سەر بوو بۆم بگێڕنەوە، وە ئەگەر ڕۆژووی فەرز قەرزار بووم فیدیەم بۆ بدەن.

٢٦- داواکارم لە منداڵەکانم کە جێماون لە دوای خۆم تەقوای خوای گەورە بکەن و کردەوەی چاك بکەن و



صەدەقەم بۆ بکەن و حەج و عومرەشم بۆ بکەن گەر بتوانن.

٢٧- بۆ خزم و کەس و کارم هەیە سەردانی قەبرەکەم بکەن بۆ ئەوەی پەند و ئامۆژگاری وەربگرن و کارێك نەکەن کە خوای گەورە توڕە بکات، وە ئادابی شەرعی ڕەچاو بکەن لە سەردانی قەبرستاندا.

٢٨- هەروەها دروستە تا سێ یەکی ماڵەکەم بکەم بە صەدەقە و بدرێت بەوانەی، کە موستەحەقن لە فەقیروهەژاران،یان،بدرێت...بەمانە:............

چونکە بۆم هەیە سێ یەکی ماڵەکەم بدەم بە هەژاران لە دوای مردنم، نەك بۆ میرات گرەکانم،وە پێویستە لە سەریان وەسێتەکەم نەگۆڕن.

ئەمەیە کە بەندەی فەقیر وەسێتی کردووە کە ماڵ و منداڵم کاری پێ بکەن لە دوای مردنم گەر بیکەن ئەوە ئەجر و پاداشتیان بۆ هەیە، وە تەبەڕا ئەکەم لە هەموو کار و وتەیەك کە پێچەوانەی شەرعە یان پێچەوانەی ئەوەیە کە نووسیومە لەم وەسێتەدا، ئیلا گەر فەرمانێکی شەرعی بێت نەمنوسیبێت.

﴿ فَمَنۢ بَدَّلَهُۥ بَعۡدَ مَا سَمِعَهُۥ فَإِنَّمَآ إِثۡمُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴿١٨١﴾ ﴾ {البقرة: ١٨١}.

وەسێت کار　　شاهیدی یەکەم　　شاهیدی دووەم